# گاردی ئازادی درێژە بەچالاکییەکانی دەدات لە شارەکانی کوردستانی ئێراندا

بەپێی راگەیاندنەکانی کۆمیتەی کوردستانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی ئێران- حیکمەتیستو فەرماندەیی گاردی ئازادی لەماوەی یەك دوو هەفتەی رابردوودا یەکە چەکدارەکانی گاردی ئازادی لەچەند شارێکی کوردستانی ئێران حزوریان بووەو وێڕای بڵاوکردنەوەی راگەیاندنەکانی گاردی ئازادیو حزبی حیکمەتیست لەگەڵ لاوانو خەڵکی ئەم شارانەدا کۆبوونەتەوەو بۆ خەباتی یەکگرتووانە لەدژی جمهوری ئیسلامی ئێرانو پەیوەستبوون بە گاردی ئازادابییەوە هانیان داون.

**یەکەی 101ی گاردی ئازادی لەگەڵ پێشوازی گەرمی خەڵکی مەهاباد بەرەورووبوو**

سەعات 6ی پاشنیوەڕۆی رۆژی 2007/1/23 یەکەی چەکداری 101ی گاردی ئازادی لەناو خەڵکی شاری مەهابادا خۆی دەرخست. لە چەند گەڕەکێکی شاردا کەوتنە گفتوگۆ لەگەڵ خەڵکیداو لەگەڵ پێشوازی گەرمی ئەوان بەرەورِوو بوونو ئەو راگەیاندنەی کە لەلایەن خۆیان دەرکرابوو لەنێو خەڵکدا بڵاویان کردەوە.

یەکەی 101ی گاردی ئازادی لە چەند گەڕەکێکی مەیدانی ئیستیقلال (شۆڕش)، مەهاباد (کوچەکانی مەسجدی حەسەنزادە، پەیام، رسول نادری، کانی مام قەنبەران، خانەقا، بانکی میللی، یەخچاڵ سازی، کوچەی چوارەمو بەشێوەیەکی گشتی هەموو ئەو کوچانەی کە دەچنەوە سەر شەقامەکانی فەلەستین، بداق سوڵتان، نبووەتی شەرقی) خۆیان دەرخستو لەنزیکەوە کەوتنە گفتوگۆ لەگەڵ خەڵکداو لەبارەی پێویستی یەکێتیو خەبات لەدژی جمهوری ئیسلامی ئێرانو پەیوەستبوون بە گاردی ئازادییەوە قسەیان بۆ کردن. بڵاوکردنەوەی راگەیاندنەکەو خۆدەرخستنی ئەم یەکەیەی گاردی ئازادی بووە جێگای پێشوازی گەرمی خەڵك. یەکەی 101ی گاردی ئازادی لەنێو دڵسۆزیو خۆشەویستیو پێشوازی گەرمی خەڵکدا کۆتایی بە چالاکیەکەی هێنا.

**حزوری یەکەی 204ی گاردی ئازادی لە ئاویەری سنە**

رۆژی هەینی 2007/1/26 لە یەکەمین سەعاتەکانی سەرلەبەیانیدا یەکەی 204ی گاردی ئازادی لەنێو لاوانو ئەو خەڵکانەی کە بەرەو ئاویەر بەرێوەبوون، وەیان لەسەر ئاویەرەوە ئەهاتنەخوارەوە، خۆی ئاشکرا کردو لەناویاندا حزوری بوو.

رۆژانی هەینی لەسەعاتەکانی یەکەمی سەرلەبەیانیەوە هەزاران لاوی کچو کوڕو ژنانو پیاوانی شار بەرەو ئاویەر ئەکەونەڕێ. بەشێکیان ئەگەنە سەر لوتکەی شاخەکەو زۆربەشیان تا هەرکوێیەك بتوانن بەپێ دەڕۆنو ئینجا دەگەرێنەوە بۆ شار. هاوکات لەگەڵ ئەم شەپۆلی وەرێکەوتنە لەشارەوە بەرەو شاخەکەو لەکاتێکدا کە ئەو گروپانەی کە زووتر گەیشتبوونە لوتکەی شاخەکەو بەرەوخوارببوونەوە، ئەم یەکە چەکدارەی گاردی ئازادی لە دامێنی کێوەکەدا بەشێوەیەکی چەکدارانە خۆی ئاشکراکردو بەم گروپانەوە پەیوەست بووو دەستەدەستە چاوی پێیان کەوت.

لەحاڵێکدا کە ئەندامانی گارد سەرقاڵی بڵاوکردنەوەی پروشورو راگەیاندنەکانی گاردی ئازادی بوون، فەرماندەی یەکەکە قسەی بۆ لاوان دەکردو ئەوانی بۆ خەباتی پەیگیرانەو یەکگرتووانە لەدژی سەرکوتی جمهوری ئیسلامی ئێرانو پەیوەستبوون بە گاردی ئازادییەوە هانئەدا. لاوان بەوپەڕی تاسەو حەماسەوە گوێیان بۆ قسەکانی شل کردبووو پروشورەکانیان لێوەردەگرتنو دەستەدەستە پێکەوە دەیانخوێندەوە. ژمارەیەکی زۆر لەلاوان دەیانویست هەرلەوێدا خۆیان بۆ گاردی ئازادی ناونووس بکەن. ئەندامانی یەکەکەی گاردی ئازادی رێنماییان دەکردنو داوایان لێدەکردن هەر 4-5 کەسو یەکەیەکی گاردی ئازادی پێکبهێننو لەرێگەی ئەو ئەدرێسانەی کە لە پرۆشورەکاندا راگەیەنراون پەیوەندی بگرن.

حزوری یەکەی 204ی گاردی ئازادی لەنێو لاوانو خەڵکی سنەدا لە دامێنی ئاویەر لە سەعات 6 تا 6و نیوی خایاند.

دواتر یەکەکەی گاردی ئازادی لەنێو پێشوازی گەرمی لاواندا کۆتایی بە حزوری خۆی هێنا.

**دیسانەوە گاردی ئازادی لە مەهاباد**

رۆژی 2007/1/28 گاردی ئازادی بۆجارێکی تر لە نێو خەڵکی شاری مەهاباد سەری دەرهێنایەوە. خەڵکی هەندێك لە گەڕەکەکانی شار شاهیدی حزوری شکۆداری گاردی ئازادی بوون.

لەماوەی تەنها پێنج رۆژ دوای حزوری گاردی ئازادی لە گەڕەکەکانی مەیدانی ئیستقلالی مەهابادو دوو رۆژ دوای حزوری گاردی ئازادی لە ئاویەری سنە، لە سەعات 8ی رۆژی 2007/1/28 یەکەی 102ی گاردی ئازادی لە گەڕەکی ئەرمەنیان (کوچەکانی: ئیسحاقی، مەستانی، بلوریان، سابونی، نەعلبەندی، پەنجەوی، کابانی، شێخ بابا، مەسجدی حاجی سەید حەسەن) کە لە گەڕەکە کۆنەکانی شاری مەهابادنو کەوتوونەتە نێوان شەقامەکانی جمهوری ئیسلامی، صلاح الدین ئەیوبی شەرقی، جام جەم، سەرباز، حزوریان بوو و دەستیان کردە گفتوگۆ لەگەڵ خەڵك. ئەم حزورە بووە مایەی شۆرو شەوقو گوڕوتین لە نێو خەڵکی گەڕەكو لاوانو رێبوارانداا.

لەم چالاکییەشدا سەدان نوسخە لە ڕاگەیاندنی گاردی ئازادی، مەنشوری سرنگونی جمهوری ئیسلامی، ڕاگەیاندنی حزوری گاردی ئازادی لـە ئاویـەری سـنەو مەیـدانی ئیستقلالی مەهاباد لە ناو خەڵکدا بڵاوکرایەوە.